www.kurdistannet.org
02/04/2002 19:11

# دەنگ

## گرفتی ڕەخنە و سەرنجێك لە وەلامە زبرەكانی دەرەوەی ڕەخنە

جەزا چنگیانی

هیچ دەنگێك ناتوانی خۆی بسەلمێنی گەرەكو پالپشتی ڕاستی نەبیَ، ڕاستی بە چ شیواز و بونیادیكەوە ؟ ڕاستی لای هەندی كەس ئەوەیە كەبەرژەوەندی خود یان ئایدۆلۆژیتی ئەو بسەلمێنیَ، ناڕاستیش پیچەوانەكەیەتی، نا وانیە ڕاستی هێزیكە هیچ هێزیك ناتوانی زۆرانی لەتەكدا بگریت. هەمیشە خەمی ڕاستكردنەوەی چەوتایەتێكانە. تەنانەت بونیادی خودی ڕاستیش هەمیشە لە تەك خویدا لە جەنگێكی ساردی ژیرانەدایە بۆ ؟ بۆ پشكنینی بونیادی خوی و گەیشتن بە ڕاستر لە ڕاستی. لە پیشووتەی ڕۆمانی (چۆن گەیشتمە لای خوا) دا ئەمەم نووسیوە (لە بەرئەوەی لە كرۆك وبونیادی ڕاستیدا بزوتنەوەیەكی بیَ ئۆقرە هەیە كە هەمیشە بە دوای ڕاستر و ڕاستردا دەگەریَ، بۆیە لۆژیكی ڕاستی چاو لەهەلّەی هیچ ئایین و فەلسەفە و كەسێك ناپۆشی) كەم كەس هەیە بە فەلسەفەی ئەم راستیە بگات و بتوانی وەك سیستەمی نووسین و مورالّ و هزر پیادەی بكات. نەك كەسانی سادەی كۆمەلّگاكەم بەلّكو هەندیَ جار ببورن زۆرجار نووسەر و ڕۆژنامەنووس و زۆر بەتۆخیش سیاسیەكانمان. نەك درۆناكەن و ڕاستی ئاوەژوو دەكەنەوە. بەلّكو درۆ وەك شێوەیەیك یان بەشێك یان لقی لە چەپكی وشیاری دبلوماسیان دادەنێن شەرم لە خود ومیژوو ناكەن و ڕیزیان بۆ زووربە نیە. با واز لەوان بهێنین. لە كیشوەری ڕەخنەوە ئامیز بۆ مەبەستی ئەم نووسینە دەكەینەوە. (ڕەخنە بە هەرشێوەیەك دەربڕیَ شێوەیەك لە ڕاپەرینێكی ئارام، لە بونیادی شۆرشگێریدا) (ئەمە وەك بونیاد. وەلیَ وەك شێوە و دەربڕین كەسایەتیكی تری هەیە. كە لە سەرئاستی پوختەی ویژدان و مورالّی نووسەر دەوەستیَ. مورالّ بە بونیادە فەلسەفیە مرۆییەكەی نەك تێڕوانینە ئیسلامی و ڕۆژهەلاتیە پرێمێتیفەكەی) . ڕەخنە دیارییە، كۆمەكە، داكۆكیكەری بابەت و كەسە دیاردەی مۆدیرنی هزرە. لە كویَ ؟ لە كن تاك وكۆمەلّی وشیار. نەك لەلای نەتەوەیەكی نەگبەتی وەكی كورد بەلّكو لە كۆمەلّگاكانی پریمیتیڤی تری ئیسلامی و كۆنە سوسیالیستیشدا تائیستاش رەخنە بڤەیە و ڕەخنەگر ڕەزای قورسە. گەر ڕاستگۆ بێت و ڕێزی بۆ ئەو فەلسەفەی هەبیَ كە لە سەرەتادا ئاماژەمان بۆكردوە لای ئێمە دەبیَ ڕەخنەگر چاوەڕیی بەردەباران بكات نەك گولّڕێزی و خەلات. كەسانێكی هەن پێنوسە جەربەزەكەی كاك (حەمە سەعید حەسەن) یان خۆش ناوی بۆ ؟ لەبەر ئەو هۆیەی سەرەوە لە دوورەوە بەردبارانی دەكەن. دەكریَ كەسێك یان ڕیكخراویكی سیاسی بە هۆی بارو دۆخی سیاسی یان قەبەیی و هێزی ئابوریەوە بتوانیَ بۆ ماوەیەكی تەمەن كورت زۆران لەتەك ڕاستیدا بگرێت و خۆی بچەسپێنیَ. وەلیَ هەر ئەوەندەی شەختەی بەفری سەردەم توایەوە نەك سەرسم نادەن بەلّكو لەسەر ئەژنوو بەرە و میژووی ترۆكراو دەڕۆن. دەبیَ ببپرسریت ئەی كیَ

ڕاستی لایە و کێ دەتوانی ئافەرینی میژوو مسۆگەر بکات ؟ داکۆکیکردن لە بەرژەوەندی زوربە و دژایەتی کردنی فاکتەرەکانی برسیتی، جەنگ، بێکاری، ئافراتکوشتن، دۆرزنی، دزی، هەموو شتە ڕەزا قورسەکانی دژی مرۆڤایەتی خۆ سەقامگیرکردن بە ڕاستی ووتنەوە بێگویدانە دەسەلآت و بەرژەوەندی خود و قەبەی ئابوری و ئایدۆلۆژیەت. ئەرکی ڕەخنەگری ڕاستگۆیە. کە تائێستا کاکە حەمە لە رەخنەکانیدا پەیڕەویکردوە بۆیە شتێکی چاوەروانکراوە کاك (حەمە سەعید حەسەن) بەر پلاری بیری تەسك و تەوری کولی کەسانی بیری کورتەبنە و دەرویشی سیاسی بکەویتەوە. کۆمەڵگایەك لە ئەنفالچیەکان ببوری و کوڕەزەی دایکان و زریکەی کیژۆڵە ئەتکراوەکانی کورد لەبیر بەرێتەوە ئەنفالچیەکان بکات بە ئەندامی بەرێزی پارتەکەیان و ڕۆشنبیرانی ئەو کۆمەڵگایەش ملکەچی میژوو هەڵبژیرن، کۆمەڵگایەك خاوەنی خەڵاتێك نەبێ بۆ خاوەن هەڵویست و پینوسە جەربەز و هونەرمەندانی باڵآ و مرۆڤدۆستەکان.. خەلآت بدا بەو کەسەی دەستی ڕاستە بۆ مرۆڤکوشتن. ژیانی هەر کویلەی دەبێ. ئەی وایە سیستەمی کۆمەلآیەتی و سیاسی کۆمەڵ. تاکی کۆمەڵ بونیادی دەنێ، بە تایبەتی ڕۆشنبیرانی. تاکی کۆمەڵ و ڕۆشنبیرانی کورد ئەمە ئاستی هوشیاریان بێت ڕەخنەگر بەر پلاری ووشەی زبر بدا، دەبێ کەساسی و سەر شۆڕی چوار داگیرکەر لە کۆڵی میژوو و چارەنووسی نەوە لە دوای نەوەی بنێ. ئەو ووشە زبرانەی ڕووبەڕوی کاکە حەمە و هەڵوێست و پینوس و زمانی دەکرینەوە لە ئەرشیفی میژوودا مەدالیای ئافەرینە. بۆ چونکە توانیوێتی دەسەلآتی چەوسینەر بەلەسەبکات. ئەمەش سەرکەوتنە. چونکە پێنووسی ڕەسەن دەبێ هەمیشە بڵندگۆ بێت بۆ ڕاستی ووتن نەك ببێ بە پردی دەسەلآت و دەستکێشی خاوەن بەرژەوەندی و دەرویشی ئایدۆلۆژیەتی ووشکهەڵهاتوو.

©Kurdistan Net